بەستەڵەکی ڕۆح

خولیا حسێن
khulia3_1@yahoo.com

چاوچنۆکی شەو
موتوربەی دەمارەمارمێلکەیەکانی تووڕەیم دەکا
کە ئەستێرەیەکم پێ نابەخشێ
دایبگرمە نێوباوەشی تەنیایم .
ئاسمان بەو بەرینیەی خۆیەوە
/تیلمەیەک لە کراسە شینە ساتانیەکەیم
پێ نادا
تا برینە ڕووت ڕووتەکانی ڕۆحمی
پێداپۆشم .
گۆرانیەکیش دەستم ناگرێ /لە سەر باڵی
خۆشەویستی
تا بەیانی سەمام پێ بکا و بمهەژێنێ
کە ناخم پڕ بوو لە عەشق / لە سەر باڵی
نۆتەکانی تا هەتایە بمخەوێنێ.
لە کۆڵانی پڕ لە ماچ و لە کەنارە بێ چەترەکانی تێکئاڵان
هیندە لێوی شەرمم گەزی /
تا وەرزی ماچ ڕووت بۆوە لە گەڵای حەزو لێوەکانیشم هەڵوەرین .
لە نێو شاری بووکە بەفرینەی غوربەتا
بێ ئاسمان و بێ ئەستێرە/
بێ گۆرانی و بێ زەنگیانەی نۆتەکانی گەردنی ملی مۆسیقا
بێ ڕەشبەڵەکی تووڕەیی و دوورلە سەما
لە نێو چاوی خامۆشیدا /دڵی ئارەزووەکانی لێو دەرەنجێنم .
گەر نەچمەوە بەر ئاگردانی پر پشکۆی بیرەوەریەکانی دوێنێ و
باڵی عەشقی فڕینێکی تر نەڕوێنم/
چۆن دەتوانم بەستەڵەکی دەریا ڕۆحم بشکێنم ؟

2007/11/22/کەنەدا.